کۆچکردن -هیجرەت- ناوەستێت هەتاوەکو جەنگ کردن دژی کافرەکان بەردەوام بێت

لە عبداللە کوڕی وەقدانی سەعدیەوە دەڵێت: لە شاندێکدا هاتم بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- لە شاندێکدا هەموومان پێویستیەکمان هەبوو داوای بکەین، من کۆتا کەس بووم کە چوومە ژوورەوە بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-، ووتم: ئەی پێغەمبەری خودا، من خەڵکیم لە پاش خۆمەوە جێهێشت وبانگەشەی ئەوە دەکەن کە کۆچکردن -هیجرەت- وەستاوە -نەماوە-، -صلى الله عليه وسلم- فەرمووی: «»کۆچکردن -هیجرەت- ناوەستێت هەتاوەکو جەنگ کردن دژی کافرەکان بەردەوام بێت.

[صەحیحە] [نەسائی گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

ئەم هاوەڵە بەڕێزە لەگەڵ کۆمەڵێک لە قەومەکەی هاتن بۆئەوەی داوای پێویستیەکانیان بکەن، وئەو کۆتا کەس بوو کە چووە ژوورەوە بۆ لای پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم-، یەکێک لە پرسیارەکانی ئەوە بوو: خەڵکانێک لە پشتیەوە دەڵێن کۆچکردن -هیجرەت- وەستاوە -نەماوە-، ئەویش -صلى الله عليه وسلم- پێی فەرموو: کۆچکردن -هیجرەت- لە خاکی کوفرەوە بۆ خاکی ئیسلام ناوەستێت وناپچڕێت هەتاوەکو جەنگ کردنی مسوڵمان دژی کافرەکان بەردەوام بێت، بەڵام کۆچکردن -هیجرەت- لە مەککەوە بۆ مەدینە وەستاوە -نەماوە-؛ بەهۆی فەرموودەی: (لا هجرة بعد الفتح) [متفق عليه] واتە: (کۆچکردن نەماوە لە پاش فەتح -ڕزگارکردنی مەککە-).

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/64601